چیرۆکی پێغەمبەران

چیرۆکی حەزرەتی سولەیمان

(سڵاوی خوای لێبێت)

8

نووسەر : کەمال سەید

وەرگێڕانی : ئازاد عەبباس گلێجاڵی

منتدى إقرا الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

وێنە : حەسەنێین و تەیبە عەبدوڵڵا

ناوی کتێب: چیرۆکی حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت)
ناوی نووسەر: کەمال سەید
وەرگێڕانی: ئازاد عەبباس گڵێجاڵی
وێنە: حەسەنێین و تەییە عەبدوڵڵا
نۆبەتی چاپ: دووەم/2022
چاپ: ناوەندی ڕێنوێن
تیراژ: 1000 دانە
ژینک (ISBN): 978-9922-626-65-9
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (1314)ـی ساڵی (2018)ـی پێ دراوە.

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕێنوێن©

ناوەندی ڕێنوێن
07701932749 - 07501269689
hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com
سلێمانی - بازاڕی ئاوباریک - نهۆمی یەکەم
بەرامبەر کاسۆمۆڵ - دوکانی ژمارە (٦٦)

All Rights Reserved
© **Al-Buragh** for Children`s Culture
جميع الحقوق مسجلة لدار البراق لثقافة الأطفال©
www.alburagh.com   Email: info@alburagh.com

چیرۆکی پێغەمبەران

چیرۆکی حەزرەتی سولەیمان

(سڵاوی خوای لێبێت)

نووسەر : کەمال سەید

وەرگێڕانی: ئازاد عەبباس گڵێجاڵی

وێنە: حەسەنێین و تەیبە عەبدوڵڵا

8

حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت)

دوای لە دونیا دەرچوونی حەزرەتی داوود(سڵاوی خوای لێبێت)، حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) بوو بە پادشا.. حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) ژیریی و دانایی و چاکەخوازیی لە باوکییەوە بە میرات بۆ مابوویەوە..

حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) شانازی بە سوپاکەیەوە دەکرد.. ئەویش نەک لەبەر ئەوەی دەست بە سەر هەموو شوێنێکدا بگرێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی یەکتاپەرستی و خواناسی لە هەموو کون و قوژبنێکی دونیادا بڵاو بکاتەوە..

خوای گەورە و میهرەبانیش پیت و فەڕ و بەرەکەتی خستبووە هەموو ئەو شوێنانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت)دا بوون..

خوای گەورە چەند شتێکی بە حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) بەخشیبوو کە هاووێنەی ئەو شتانەی بە هیچ کەسێک نەبەخشیبوو.. چونکە حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) بەندەیەکی زۆر سوپاسگوزاری خوای گەورە بوو.. بۆیە خوای گەورە (با)ی بۆ دەستەمۆ کردبوو.. حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) هەرچۆن و بۆ هەرکوێ بیویستایە، با ئاوا دەڕۆیشت..

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿فَسَخَّرْنَا لَهُ الرِّيحَ تَجْرِي بِأَمْرِهِ رُخَاءً حَيْثُ أَصَابَ﴾ ص: ٣٦ واتە: ئێمە نزامان گیراکرد و (با) مان بۆ ڕام هێنا، کە بە فەرمانی ئەو بەنەرمی هاتووچۆ بکات، بۆ هەرشوێنێک ویستی.

جگە لە (با) خوای گەورە دێویشی بۆ دەستەمۆ کردبوو.. دێوەکان بە فەرمانی ئەو کاریان دەکرد.. دەچوونە قووڵایی دەریاوە، مەرجان و دوڕ و بەرد و گەوهەری گرانبەهایان بۆ دەردەهێنا.. بت و پەیکەری گەورە گەورەیان بۆ دەتاشی.. کۆشک و تەلاری گەورەیان بۆ دروست دەکرد.. گەلێ کاری گەورە گەورە و قورس و گرانیان بۆ دەکرد..

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَالشَّيَاطِينَ كُلَّ بَنَّاءٍ وَغَوَّاصٍ﴾ ص: ٣٧ واتە: هەروەها شەیتانەکانیشمان کردە خزمەتگوزاری، لە هەموو جۆرە بیناسازێک و مەلەوانێکی ژێر دەریا.

خوای گەورە نهێنی هەموو زانستەکان و زمانی باڵندەکانیشی فێری حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) کردبوو..

حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) حکومەتێکی تۆکمە و بەهێزی دروست کرد..

چیرۆکی مێروولەکە!

خوای گەورە چەندەها جۆر ئاژەڵ و خشۆک و خزۆکی دروست کردووە و چین چین جیای کردوونەتەوە و هەر چینێکی وەکو گەلێک پیشان داوە.. ئەوانیش وەک مرۆڤ کۆمەڵ کۆمەڵ پێکەوە لە شوێنێکدا دەژین..

یەکێک لەو گەلانە مێروولەیە.. مێروولە هەوڵ دەدات.. کار دەکات.. داکۆکی لە ژیانی خۆی دەکات.. کاروبارەکانی خۆی بە ڕێکوپێکی ئەنجام دەدات.. بۆ مانەوەی خۆی هەموو کارێک دەکات..

مێرووله چیرۆکێکیان لەگەڵ حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) هەیە..

ڕۆژێک حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) خۆی و سوپاکەی بۆ جەنگ لە پێناوی خوادا بەڕێ کەوتبوون.. ڕێگای سوپاکە بە ناو شیو و دۆڵێکدا دەڕۆیشت، کە شارە مێروولەیەکی لێبوو..

مێروولەکان خەریکی کارکردن بوون.. مێروولەیەک هەستی بە لەرینەوەی زەوی کرد.. زانی کە سوپاکەی حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) بەڕێوەن..

مێروولە مێچکەیەک هاواری کرد و وتی: ﴿يا أَيُّهَا النَّمْلُ ادْخُلُوا مَساكِنَكُمْ لا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمانُ وَ جُنُودُهُ وَ هُمْ لا يَشْعُرُونَ﴾ النمل: ١٨ واتە: ئەهای مێروولەینە، بچنە ماڵ و کوون و کەلەبەرەکانتانەوە، نەوەکو سولەیمان و سەربازانی پێشێلتان بکەن، لەکاتێکدا هەستتان پێناکەن.

حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) سەیرێکی مێروولەکەی کرد و ﴿فَتَبَسَّمَ ضاحِكاً مِنْ قَوْلِها﴾ النمل: ١٩ واتە: پێکەنی بە قسەی مێروولەکە.. دوایی لە ئەسپەکەی دابەزییە خوارەوە و سەجدەیەکی بۆ خوای گەورە برد و فەرمووی: ﴿رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَ عَلى والِدَيَّ وَ أَنْ أَعْمَلَ صالِحاً تَرْضاهُ وَ أَدْخِلْنِي بِرَحْمَتِكَ فِي عِبادِكَ الصّالِحِينَ﴾ النمل: ١٩

واتە: پەروەردگارا، یارمەتیم بدە دڵ و دەروون و ڕۆح و گیانم کۆبکەرەوە، تا سوپاسگوزاری ناز و نیعمەتەکانت بم، کە بەسەر من و دایک و باوکمدا ڕژاندووتە، هەروەها کۆمەکیم بکە تاکاروکردەوەی چاکە ئەنجام بدەم، کە تۆ پێی ڕازیی بیت و بە ڕەحمەت و میهرەبانی خۆت بمخەرە ڕیزی بەندە چاکەکانتەوە.



هەواڵ و چیرۆکی وڵاتی سەبەء

ڕۆژێک حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) سوپاکەی (کە پێک هاتبوو لە مرۆڤ و دێو و باڵندە) کۆ کردەوە.. کاتێ هەمووان کۆبوونەوە حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) باسی ناز و نیعمەتەکانی خوای گەورەی کرد و فەرمووی: ﴿يا أَيُّهَا النَّاسُ عُلِّمْنا مَنْطِقَ الطَّيْرِ وَ أُوتِينا مِنْ كُلِّ شَيْءٍ إِنَّ هذا لَهُوَ الْفَضْلُ الْمُبِينُ﴾ النمل: ١٦ واتە: ئەی خەڵکینە، ئێمە فێری زمانی باڵندە کراوین و لە هەموو شتێکمان پێدراوە، بەڕاستی ئەمە هەر فەزڵ و ڕێزێکی ئاشکرایە (لەلایەن خواوە پێمان بەخشراوە).



حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) کەوتە بەسەرکردنەوە و پشکنینی باڵندەکان.. چاوی بە پەپووسلێمانە نەکەوت، بۆیە فەرمووی: ﴿ما لِيَ لا أَرَى الْهُدْهُدَ أَمْ كانَ مِنَ الْغائِبِينَ • لَأُعَذِّبَنَّهُ عَذاباً شَدِيداً أَوْ لَأَذْبَحَنَّهُ أَوْ لَيَأْتِيَنِّي بِسُلْطانٍ مُبِينٍ﴾ النمل: ٢٠ - ٢١ واتە: ئەوە بۆچی من پەپوو نابینم؟ یاخود لێرە نییە و خۆی دزیوەتەوە و لە نادیارەکانە!!.. سوێند بێت ئەبێت سزایەکی زۆر سەختی بدەم، یان سەری ببڕم، یان دەبێت بە بەڵگەیەکی ئاشکراوە بێت بۆ لام.

پەپوو هاتەوە.. فڕی و ڕۆیشتە نێو کۆشکەکەی حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت)ەوە.. لە نزیک دەرگاکە نیشتەوە و داوای مۆڵەتی چوونە ژوورەوەی کرد..

حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) فەرمووی: پەپوو ئەوە لە کوێ بوویت؟..

پەپوو وتی: ﴿أَحَطْتُ بِما لَمْ تُحِطْ بِهِ وَ جِئْتُكَ مِنْ سَبَإٍ بِنَبَإٍ يَقِينٍ • إِنِّي وَجَدْتُ امْرَأَةً تَمْلِكُهُمْ وَ أُوتِيَتْ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ وَ لَها عَرْشٌ عَظِيمٌ • وَجَدْتُها وَ قَوْمَها يَسْجُدُونَ لِلشَّمْسِ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَ زَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطانُ أَعْمالَهُمْ فَصَدَّهُمْ عَنِ السَّبِيلِ فَهُمْ لا يَهْتَدُونَ﴾ النمل: ٢٢ - ٢٤ واتە: ئەوەی من پێم زانیوە تۆ پێت نەزانیوە، من لە وڵاتی سەبەئەوە هەواڵێکی ڕاست و دروستم بۆ هێناویت!!.. بەڕاستی من بۆم دەرکەوت ئافرەتێک فەرمانڕەواییان دەکات و لە هەموو جۆرە دەسەڵات و ناز و نیعمەتێکی پێبەخشراوە، تەختێکی پاشایەتی گەورەشی هەیە، بینیم خۆی و قەومەکەی، لە جیاتی خوا، سوژدە بۆ خۆر دەبەن، شەیتان کار و کردەوەی چەوتیانی بۆ ڕازاندوونەتەوە، بەو هۆیەوە ڕێبازی ڕاست و دروستی لێگرتوون، بۆیە ئەوان ڕێنموویی وەرناگرن... بینیم کە خۆی و قەومەکەی سوجەدەیان دەبرد بۆ خۆر لە جیاتی خوا، وە (شەیتان) کاروکردەوەکانیانی شیرین و جوان کردبوو لە بەرچاویان، هەر بۆیە بە هۆی ئەوە لە ڕێگا لایان داوە و هیدایەتیان وەرنەگرتووە.

حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) کەمێک ڕاما و دوایی فەرمووی: ﴿أَلاَّ يَسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي يُخْرِجُ الْخَبْءَ فِي السَّماواتِ وَ الْأَرْضِ وَ يَعْلَمُ ما تُخْفُونَ وَ ما تُعْلِنُونَ • اللَّهُ لا إِلهَ إِلاَّ هُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ • قالَ سَنَنْظُرُ أَ صَدَقْتَ أَمْ كُنْتَ مِنَ الْكاذِبِينَ﴾ النمل: ٢٥ - ٢٧ واتە: (شەیتان ڕێی لێگرتن) بۆ ئەوەی سوژدە نەبەن بۆ ئەو خوایەی کە نهێنی دەردەکێشێت لە ئاسمانەکان و زەویدا و دەزانێت ئێوە چی دەشارنەوە و چیش ئاشکرا دەکەن... خوا ئەو زاتەیە کە جگە لەو خوایەکی تر نییە، خاوەنی تەختی مەزن و گەورەیە... ئێمە لەمەودوا لەو گوفتارەی تۆ دەکۆڵینەوە، تابزانین ڕاست دەکەیت یان لە ڕیزی درۆزنانیت.

حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) نامەیەکی بۆ پادشای وڵاتی سەبەء نوسی..

پەپووش ڕۆیشتەوە بۆ ئەوەی پشوویەک بدات و خۆی بۆ کاری سبەینێ و نامە بردن بۆ وڵاتی سەبەء ئامادە بکات..

نامە

بۆ بەیانی پەپوو لە کۆشکی حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) ئامادە بوو.. نامەکەی حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت)ی هەڵگرت.. نامەکە تێیدا نووسرابوو: ﴿إِنَّهُ مِنْ سُلَيْمانَ وَ إِنَّهُ بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ • أَلاّ تَعْلُوا عَلَيَّ وَ أْتُونِي مُسْلِمِينَ﴾ النمل: ٣٠ـ٣١ واتە: نامەکە لە سولەیمانەوە و بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبانەوە (دەست پێ دەکات و دەڵێت).. خۆتان بەگەورە مەزانن و لێم یاخی مەبن و وەرن موسوڵمان بین (واز لە خۆر پەرستی بهێنن و بەدیهێنەری خۆر و مانگ و ئەستێرە و زەوی و...هتد بپەرستن).

نامەکە بە مۆری تایبەتی حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) مۆر کرابوو..

پەپوو فڕی.. ڕێگایەکی دوور و درێژی لە فەلەستینەوە تا وڵاتی یەمەن بڕی.. دوای ئەوەی گەیشتە وڵاتی یەمەن، لەگەڵ هەڵاتنی خۆری بەیانییدا ڕووی لە کۆشکی (بەڵقیس)ی پادشای سەبەء کرد..

خاتوو بەڵقیس لە خەوی بەیانی هەستا.. سەجدەی بۆ خۆر برد.. هەموو بەیانییەک نوێژی بۆ خۆر دەکرد..

ئا لەو کاتەدا پەپوو لە پەنجەرەوە خۆی کرد بە ژوور خاتوو بەڵقیسدا.. نامەکەی فڕێدایە سەر تەخت و کورسییەکەی بەڵقیس..

بەڵقیس چاوی بە شتێک کەوت کە لە حەواوە بەرەو خوار دێ.. پاکەتێکی زێڕین بوو.. پاکەتەکەی هەڵپچڕی.. تووشی سەر سووڕمان بوو.. نامەیەکی بچووکی تیابوو کە بە خەتێکی زۆر جوان نوسرابوو..

پەپوو چاودێری بەڵقیسی دەکرد.. بەڵقیسیش دەستیکرد بە خوێندنەوەی نامەکە.. دوایی بە سەرسووڕمانێکەوە سەیری پەپووی کرد..

سەری سووڕما و لە دڵی خۆیدا وتی: باشە باڵندەیەکی ئاوا چۆن دەتوانێ لە فەلەستینەوە تا ئێرە بێت و ئەم نامەیە هەڵگرێ؟!..

دوایی خاتوو بەڵقیس هەموو وەزیر و ڕاوێژکارەکانی خۆی کۆ کردەوە و وتی: ﴿يا أَيُّهَا الْمَلَأُ إِنِّي أُلْقِيَ إِلَيَّ كِتابٌ كَرِيمٌ • إِنَّهُ مِنْ سُلَيْمانَ وَ إِنَّهُ بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ • أَلاّ تَعْلُوا عَلَيَّ وَ أْتُونِي مُسْلِمِينَ﴾ النمل: ٢٩ـ٣١ واتە: ئەی ڕێزداران، بەڕاستی من نامەیەکی پیرۆز و بەڕێزم بۆ دانراوە... نامەکە لە سولەیمانەوە و بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبانەوە (دەست پێ دەکات و دەڵێت).. خۆتان بەگەورە مەزانن و لێم یاخی مەبن و وەرن موسوڵمان بین..

بێدەنگییەکی ترسناک باڵی بەسەر دانیشتواندا کێشا.. پادشایەکی فەلەستینی ئەمان بانگ دەکات بۆ ئەوەی واز لە پەرستنی خۆر بهێنن و ڕوو لە خواپەرەستی بکەن!.. بچنە ڕیزی موسوڵمانانەوە.. واز لە ئایینی باب و باپیرانیان بهێنن!..

ئینجا خاتوو بەڵقیس وتی: ﴿يا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي أَمْرِي ما كُنْتُ قاطِعَةً أَمْراً حَتّى تَشْهَدُونِ﴾ النمل: ٣٢ واتە: ئەی ڕێزداران ڕاتان چییە؟ چی بکەم باشە؟ خۆ من هیچ بڕیارێکم نەداوە هەتا ئێوە لێی ئاگادار نەبوو بن و ڕاتان لەسەری نەدابێت.

دوایی وتی: من تاکلایەنە بڕیار نادەم! چونکە ئەمە شتێکی سادە نییە، بەڵکو چارەنووسی وڵاتەکەمانی پێوە بەندە.. بۆیە دەبێ بە وردی بیری لێ بکەینەوە و وەڵامێکی گونجاوی بدەینەوە..

ئەفسەر و سەرکردە سەربازییەکان سووربوون لەسەر ئەوەی کە لە گەڵ حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت)دا بجەنگن.. بۆیە زۆر بە جۆش و خرۆشەوە وتیان: ﴿نَحْنُ أُولُوا قُوَّةٍ وَ أُولُوا بَأْسٍ شَدِيدٍ وَ الأَمْرُ إِلَيْكِ فَانْظُرِي ما ذا تَأْمُرِينَ﴾ النمل:٣٣ واتە: خۆت دەزانیت کە ئێمە خاوەنی هێز و توانا و دەسەڵاتی توندوتیژین، فەرمانیش فەرمانی تۆیە، بیر بکەرەوە و تێفکرە چ فەرمانێک دەدەیت (ئێمە ئامادەین).

خاتوو بەڵقیس خاتوونێکی زۆر ژیر و عاقڵ بوو.. پێش ئەوەی بریار بدات، بە باشی بیری دەکردەوە.. ڕاوێژی بە پسپۆڕان و لێزانان دەکرد.. دوایی وتی: ﴿إِنَّ الْمُلُوكَ إِذا دَخَلُوا قَرْيَةً أَفْسَدُوها وَ جَعَلُوا أَعِزَّةَ أَهْلِها أَذِلَّةً وَ كَذالِكَ يَفْعَلُونَ﴾ النمل: ٣٤ واتە: بەڕاستی لەشکری پادشاکان کاتێک چووبنە شار و دێهاتەکانەوە، وێران و کاولیان کردوون و تۆوی خراپەیان چاندووە، کەسانی خاوەن دەسەڵات و پیاوی ناوداری ئەو شوێنەیان زەلیل و ڕیسوا کردووە و هەمیشە ئەوە پیشەیانە و بەو جۆرە دەکەن و هەرواش دەبن (بێگومان من حەز لە کارەساتی وا ناکەم).

دوایی وتی: دەبێ ئێمە بزانین داخۆ ئەم سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت)ە کێیە؟.. پادشایە یان پێغەمبەر؟..

یەکێک لە وەزیرەکان وتی: خاتوونی من ئێمە چۆن بزانین پادشایە یان پێغەمبەر؟..

بەڵقیس وتی: ﴿وَ إِنِّي مُرْسِلَةٌ إِلَيْهِمْ بِهَدِيَّةٍ فَناظِرَةٌ بِمَ يَرْجِعُ الْمُرْسَلُونَ﴾ النمل: ٣٥ واتە: بێگومان لەبەر ئەوە من بڕیارمداوە کە: دیارییەکیان بۆ بنێرم، جا چاوەڕێ دەکەم بزانم نوێنەرەکان چ هەواڵێکم بۆ دەهێننەوە و (هەڵوێستی سولەیمان چۆن دەبێت).

وەزیرەکان و ڕاوێژکاران ئەو بیرۆکەیان پەسەند کرد.. بڕیار درا بڕێکی زۆر دیاری گرانبەها بۆ حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) بنێرن..



هەڕەشە کردن بە ڕاگەیاندنی جەنگ!

پەپوو دای لە شەقەی باڵ و تا فەلەستین ڕانەوەستا.. لە کوێوە هاتبوو هەر لەوێوە گەڕایەوە.. کاتێ گەیشتەوە کۆشکی حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) بە پەلە و بێ دواکەوتن بە حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت)ی وت: دەستەیەک بە نوێنەرایەتی پادشای سەبەء بەڕێوەن بۆ ئێرەو هاکا گەیشتنە ئێرە!..

حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) بیری کردەوە کە چۆن ئەو نوێنەرانە ڕازی بکات بۆ ئەوەی باوەڕ بە خوای گەورە و یەکتاپەرستی بێنن؟!..

دوایی بۆی دەرکەوت کە باشترین کار ئەوەیە کە سام و هەیبەت و موڵک و سەروەت وسامان و دەسەڵاتی خۆی بۆ ئەوان دەربخات.. خەڵکی ژێر دەسەڵاتی ئەو، هەموویان نوێژیان بۆ خوای گەورەو تاقانە دەکرد.. هەموو ئاژەڵان و گیانلەبەران دەستەمۆی ئەو بوون.. باڵندەکان لە خزمەتیدا بوون.. دێو و درنج بە شەو و ڕۆژ لە قووڵایی دەریادا خەریکی دۆزینەوەی زێڕ و گەوهەری گرانبەها و کار کردن بوون..

حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) کەسێکی زۆر ژیر و تێگەیشتوو بوو.. بۆیە بێگومان بوو لەوەی ئەو دەستەیەی وەک نوێنەرایەتی دێن، کۆمەڵێک دیاری گرانبەها لەگەڵ خۆیان دێنن، تاکو پەیوەندی نێوان ئەم دوو وڵاتە خۆش و پتەو بکەن..

ئەگەر حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) دیاری و خەڵاتی ئەوانی وەرگرتبا، ئەوا ئەویش وەک هەموو پادشا و خوسرەو و قەیسەرەکانی تر، لە پادشایەک زیاتر هیچ نەبوو.. ئەو کاتە ئەگەری هەبوو پادشای وڵاتی سەبەء یاخی ببێت و گوێ بۆ داواکارییەکانی نەگرێت و واز لە بەندایەتیکردن بۆ خۆر نەهێنێت..

بەڵام ئەگەر ئەو دیاری و خەڵاتانە وەرنەگرێت و سەروەت و سامانی دونیای بەلاوە گرنگ نەبێت و ستەمیش لە هیچ کەسێک نەکات، ئەوە ئیتر دیارە کە پێغەمبەر و نوێنەری خوای گەورەیە.. ئەو کاتە پێغەمبەران ستەم لە هیچ کەسێک ناکەن و دەست درێژی بۆ سەر مافی کەس ناکەن..

نوێنەران گەیشتنە فەلەستین.. نوێنەرەکان کۆمەڵێک سوار بوون.. بەنرخترین خەڵات و دیارییان لەگەڵ خۆیان بۆ سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت)ی پادشا هێنابوو..

حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت)یش بۆ ئەوەی پییان بسەلمێنێ کە موڵک و سەروەت و سامانی ئەو زۆر لە هی ئەوان بەنرختر و گرانترە، پێشوازییەکی زۆر گەورەی لێکردن..

نوێنەرەکان خەریک بوو خوێنیان بوەستێ.. ئەوان شتی زۆر سەیر و سەمەرەیان بینی.. ئاژەڵەکان دەستە دەستە وەستابوون.. شێر بە جیا.. پڵنگ بە جیا.. کۆمەڵێکی زۆری باڵندەش لە سەر سەریان سێبەریان کردبوو.. هەموویان زۆر بە ڕێکوپێکی وەستابوون و هیچ ئاژەڵێک لە شوێنی خۆی نەدەبزوا و ڕیزەکەی تێک نەدەدا..

حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) لەسەر تەختی پادشایی دانیشتبوو.. لەگەڵ ئەوەشدا کە هەم پێغەمبەر و هەم پادشا بوو و هەموو جۆرە گیاندارێک هەر لە مرۆڤەوە بگرە تا دێو و درنج و ئاژەڵ و باڵندە، هەمووان دەستەونەزەر لە خزمەتیدا بوون، کەچی هێندە خاکی و ڕووخۆش و سادە بوو هەر مەپرسە.. خۆشەویستی و ئەوین و ئیمان لە سەر و سیمای ڕا دیار بوون..

نوێنەران بۆ پێشکەش کردنی دیاری و خەڵاتی خۆیان چوونە پێشەوە.. بەڵام کاتێ لە حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) نزیک بوونەوە تووشی شەرمەزاری بوون.. چونکە هێندە شتی گرانبەهای لابوو هەر مەپرسە.. شتی وای لابوو کە ئەوان بە خەویش نەیاندیبوو.. وەک ئەوە وابوو مشتێ خۆڵ بە دیاری ببەی بۆ کەسێک کە خاوەنی دەیان دۆنم زەوی و زار بێت!..

حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) بە دەنگێکی تووڕە ئامێزەوە فەرمووی: ﴿أَتُمِدُّونَنِ بِمَالٍ فَمَا آتَانِيَ اللَّهُ خَيْرٌ مِمَّا آتَاكُمْ بَلْ أَنْتُمْ بِهَدِيَّتِكُمْ تَفْرَحُونَ﴾ النمل ٣٦ واتە: ئێوە دەتانەوێت بە ماڵ و سامان و دیاری کۆمەکیم بکەن؟! من دڵنیام کە ئەو شتانەی خوا پێی بەخشیووم لەوە چاکتر و بەنرخترن کە بە ئێوەی بەخشیووە، نەخێر من بەو دیارییە دڵشاد نابم، بەڵکو ئێوە بە دیارییەکەتان شاد دەبن.

دوایی ڕووی کردە سەرۆکی نوێنەرەکان و فەرمووی: ﴿ارْجِعْ إِلَيْهِمْ فَلَنَأْتِيَنَّهُمْ بِجُنُودٍ لَا قِبَلَ لَهُمْ بِهَا وَلَنُخْرِجَنَّهُمْ مِنْهَا أَذِلَّةً وَهُمْ صَاغِرُونَ﴾ النمل ٣٧ واتە: (ئەی نوێنەری بەڵقیس) بگەڕێرەوە بۆ لایەن بە خۆت و دیاریەکەتەوە، سوێند بە خوا دەبێت بە سەربازانێکەوە بچینە سەریان کە نەیان دیبێت و نەتوانن بەرگری بکەن، دەبێت لە وڵاتیان دەریان بکەین لە کاتێکدا ئەوان زەلیل و ڕیسوا و شکاون.

ئەو قسانەی حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) وەک هەڕەشەی جەنگ وابوون.. ئەو نە گەوهەری گرانبەها و نە سەروەت و سامان و پارە و پولی دەویست، نە دیاری و خەڵات.. ئەو یەک شتی دەویست.. تەنیا باوەڕهێنان بە خوای گەورە و تاقانە..

بڕیاری خاتوو بەڵقیسی پادشا

دەستەی نوێنەران بەرەو یەمەن گەڕانەوە.. سەرۆکی دەستەکە ڕۆیشتە خزمەت بەڵقیس و ورد و درشتی ڕووداوەکانی بۆ گێڕایەوە.. خاتوو بەڵقیس بیری کردەوە کە جەنگ هیچ سودێکی بۆ ئەوان نابێت.. چونکە ئەو بۆی دەرکەوتبوو سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) پادشا نییە، بەڵکو ئەو پێغەمبەری خوایە.. خوای گەورە هەموو جۆرە سەروەت و سامان و خۆشییەکی دونیای پێ بەخشیوە.. بۆیە بڕیاریدا کە خۆی بڕوا بۆ فەلەستین و بە چاوی خۆی هەموو شتێک ببینێت..

خاتوو بەڵقیس ڕایگەیاند کە نیازی سەردانی وڵاتی فەلەستین و بینینی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت)ی هەیە..

زۆرێک لە پیاوانی دەوڵەت ناڕازی بوون.. تەمێی خاتوو بەڵقیسیان کرد کە کاری لەوجۆرە نەکات.. بەڵام تەمێکەیان بێسوود بوو.. خاتوو بەڵقیس بڕیاری یەکجاری دابوو.. پەشیمان نەدەبوویەوە..

بەوجۆرە بەلقیسەخانم وڵاتی خۆی بەرەو باکوور و وڵاتی فەلەستین بەجیهێشت.. ئەو بە تەنیا ملی ڕێگای نەگرتەبەر.. بەڵکو کۆمەڵێکی زۆر لە سەربازی هەڵبژاردە و کاربەدەست و بەرپرسی گەورەی لە گەڵ خۆیدا برد..

لەولاشەوە حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) هەموو وەزیر و پیاوماقوڵ و کاربەدەستانی کۆ کردەوە و پێی ڕاگەیاندن کە خاتوو بەڵقیسی پادشای سەبەء بەڕێوەیە بەرەو فەلەستین..

حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) بیری لەوە دەکردەوە کە کارێک بکات بە جۆرێ لە جۆرەکان بڕوا و متمانە بخاتە نێو دڵی بەڵقیسەوە..

هێزی مرۆڤی بڕوادار

پەیوو باسی گەورەیی کۆشکی بەڵقیسەخانی بۆ حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) گێڕابوویەوە.. بۆیە حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) بیری لەوە دەکردەوە پێش ئەوەی بەڵقیس بگاتە فەلەستین، ئەو کۆشکەکەی بەڵقیس بێنێتە فەلەستین.. بۆ ئەو مەبەستە هەموو پیاوان و دێو و جنۆکە و ئاژەڵەکانی کۆ کردەوە..

حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) لێی پرسین: ﴿يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَيُّكُمْ يَأْتِينِي بِعَرْشِهَا قَبْلَ أَنْ يَأْتُونِي مُسْلِمِينَ﴾ النمل ٣٨ واتە: گەلۆ، کامتان دەتوانن پێش گەیشتنی بەڵقیس و بڕواهێنانی بەڵقیس، بڕوا بۆ یەمەن و کۆشکەکەی بێنێ بۆ ئێرە؟..

دێوێک وتی: ﴿أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَنْ تَقُومَ مِنْ مَقَامِكَ وَإِنِّي عَلَيْهِ لَقَوِيٌّ أَمِينٌ﴾ النمل ٣٩

گەورەم! من دەتوانم پێش ئەوەی جەنابت لە جێی خۆت هەڵسیت، ئەو کارە بکەم!.. بەڕاستی من دەسەڵاتی ئەو کارەم هەیە و ئەمین و دەستپاکیشم.

حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) فەرمووی: من دەمەوێت پێش ئەوەش بۆم بێنن!..

ئاسەفی کوڕی بەرخیا وتی: ﴿أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَنْ يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ﴾ النمل ٤٠ واتە: من دەتوانم پێش ئەوەی چاو بتروکێنی بۆت بهێنم[1].

لە چرکەیەکدا کۆشکی بەڵقیس لە یەمەنەوە گوازرایەوە بۆ فەلەستین.. ئەوە موعجیزەیەکی گەورەی حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) بوو..

هەمووان بە چاوی خۆیان کۆشکەکەی بەڵقیسیان بینی..

حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) فەرمانی دا هەندێک گۆڕانکاری لە کۆشکەکەی بەڵقیسدا بکەن..

بۆیە فەرمووی: ﴿نَكِّرُوا لَهَا عَرْشَهَا نَنْظُرْ أَتَهْتَدِي أَمْ تَكُونُ مِنَ الَّذِينَ لَا يَهْتَدُونَ﴾ النمل ٤١

واتە: تەختی پادشایەتییەکەی دەستکاری بکەن (هەندێک ڕەنگ و نەخشی بگۆڕن) سەرنج دەدەین بزانین بەڵقیس دەیناسێتەوە، یان لەو کەسانە دەبێت کە نایناسنەوە

ئەو دەیەویست بەڵقیس تاقی بکاتەوە، تا بزانێ ژیر و وریایە یان نە؟!

بە یەک گەیشتن

خاتوو بەڵقیس گەیشتە کۆشکی حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای بێت).. ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی زۆر مەزن و بە شکۆ بوو.. کۆشکەکەی خاتوو بەڵقیسیان لە نزیک کۆشکەکەی حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) دانابوو..

خاتوو بەڵقیس ڕۆیشتە ناو کۆشکەکەی خۆیەوە.. یەکێک لە کاربەدەستانی حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) پێی وت: ئەوە کۆشکەکەی ئێوە وابوو؟!..

خاتوو بەڵقیس جوان تەماشای کۆشکەکەی کرد.. سەری سووڕمابوو.. بە تەواوی حەپەسابوو.. بڕوای بە چاوەکانی خۆی نەدەکرد.. دەیزانی ئەوە کۆشکەکەی ئەوە.. بەڵام چۆن و بە چ شێوەیەک گەیشتووەتە ئێرە؟.. چ هێزێک ئەو کۆشکەی گەیاندووەتە ئێرە؟..

خاتوو بەڵقیس ژنێکی زۆر ژیر و دونیا دیدە بوو.. بۆیە وتی: دەڵێی کۆشکەکەی ئێمەیە.. زۆر لەو دەچێت!..

حەوزی شووشە

پێشوازی بە جوانترین شێوە بەڕێوەچوو.. ئەو کەسەی ڕێنمایی میوانانی دەکرد وتی: ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بچن بۆ کۆشکی میوانان!..

خاتوو بەڵقیس بەرەو کۆشکی میوانان بەڕێ کەوت.. کاتێ ڕۆیشتە ژورەوە حەوزێکی گەورەی پڕ لە ئاوی ڕۆشن و پاکی بینی.. دەبوو بە ناو ئەو حەوزەدا بپەڕێ پاشان بڕواتە ژوورەوە.. بۆ ئەو مەبەستە جلوبەرگەکانی خۆی گورج کردەوە و قاچی هەڵکرد بۆ ئەوەی داوێنی جلوبەرگەکانی تەڕ نەبن.. زۆر لەسەر خۆ پێی لە ناو حەوزەکەدا دانا..

حەزرەتی سولەیمان(سلاوی خوای لێبێت) فەرمووی: ﴿إِنَّهُ صَرْحٌ مُمَرَّدٌ مِنْ قَوارِيرَ﴾ النمل: ٤٤ واتە: ئەو پانتاییە بە شووشە سەری گیراوە..

خاتوو بەڵقیس نیشانەیەکی تری گەورەیی و دەسەڵاتی خوای گەورەی بینی..

لە ڕاستیدا ئەو حەوزە ئاوی تیا نەبوو.. حەوزیش نەبوو.. بەڵکو شووشەی پاک و جوان و شەفاف بوو.. کاتێ تیشکی خۆر لێی دەدا، مرۆڤ وای دەزانی حەوزە و پڕە لە ئاو!..

بە بینینی ئەو دیمەنانە بیروباوەڕ هاتنە نێو دڵی خاتوو بەڵقیسەوە.. بە چاوی دڵ خوای گەورەی بینی.. دەسەڵاتی خوای گەورەی بۆ دەرکەوت.. ئەوەی بینی کە چۆن خوای گەورە زۆر شتی بەهێز و گەورە بۆ مرۆڤی بڕوادار ڕام و دەستەمۆ دەکات!..

خاتوو بەڵقیس موسوڵمان بوونی خۆی بە ئاشکرا ڕاگەیاند.. بۆیە وتی: ﴿رَبِّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي وَ أَسْلَمْتُ مَعَ سُلَيْمانَ لِلَّهِ رَبِّ الْعالَمِينَ﴾ النمل ٤٤ واتە: پەروەردگارا! بەڕاستی من تا ئێستا ستەمم لە خۆم کردووە، ئەوا لەگەڵ سولەیمان(سلاوی خوای لێبێت)دا خۆم تەسلیمی پەروەردگاری هەموو جیهان کرد.

کۆتایی

دێو و پەرییەکان زۆر لە حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) دەترسان.. چونکە حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) تاکە کەس بوو بتوانێت کاریان پێ بکات.. وڵاتی موسوڵمانانیان پێ ئاوەدان بکاتەوە..

ئەوان خۆیان لە مرۆڤ بە بەهێزتر دەزانی.. بەڵام دوای ئەوەی کۆشکەکەی خاتوو بەڵقیس بە ماوەی چاوترووکانێک هێنرایە فەلەستین، ئیتر بۆیان دەرکەوت کە مرۆڤ براوەیە!..

خوای گەورە ویستی بە دێو و جنۆکەکان بسەلمێنێ کە ئەگەر ئەو شتێکیان فێر نەکات، ئەوا خۆیان هیچ نازانن..

دێوەکان خەریکی کارکردن بوون.. حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) نوێژی خۆی بەجێهێنا.. چاودێری دێوەکانی دەکرد.. پاڵی دا بە گۆچانەکەیەوە و سەیری دێوەکانی دەکرد..

ویستی خوای گەورە وابوو ئا لەو کاتەداگیانی حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) بکێشێ و بیباتەوە بۆ بەهەشتی خۆی.. حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) وەفاتی کرد و لە دونیا دەرچوو.. بەڵام لاشەکەی وەستابوو.. خۆی دابوو بەسەر گۆچانەکەیدا.. مرۆڤ وای دەزانی زیندووە و وەستاوە و تەماشای دەرودەشت و کارکردنی دێوەکان دەکات..

بە ڕواڵەت حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) وەستابوو.. دێوەکانیش وایان دەزانی کە غەیب و بەرپیوار دەزانن.. خوای گەورە ویستی دێوەکان تێبگەیەنێت کە ئەوان غەیب نازانن..

هەندێ مۆرانە هاتنە نێو کۆشکەوە.. ڕۆیشتن و خۆیان گەیاندە گۆچانەکەی حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت).. کەمە کەمە لە بنەوە دار گۆچانەکەیان دەخوارد.. مۆرانە هەر خەریکی کاری خۆیان بوون.. حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت)یش بە ڕواڵەت سەیری دێوەکانی دەکرد.. دێوەکانیش هەر خەریکی کارکردن بوون.. دوای ماوەیەک شتیکی سەیر ڕوویدا.. مۆرانە لە بنەوە گۆچانەکەیان خوارد.. لاشەی حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) کەوتە سەر زەوی.. هەمووان زانییان کە حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) وەفاتی کردووە.. نەک ئەمڕۆ، بەڵکو چەند ڕۆژێکە لە دونیا دەرچووە.. خوای گەورە ئەوەی بۆ هەمووان ڕوون کردەوە کە هیچ کەسێک غەیب نازانێ.. دێوەکان بۆیان دەرکەوت کە ئەگەر غەیبیان بزانیایە ئەو چەند ڕۆژە ئەو هەموو کارە سەختەیان نەدەکرد..

موسوڵمانان بە وەفاتی حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) تەواو دڵتەنگ و خەمبار بوون.. بەو جۆرە ژیانی دونیای حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) کۆتایی هات..

وڵات و حکومەتی حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) پڕ لە سەیر و سەمەرە بوو.. شارستانیەتێکی زۆر گەورە و سەیری بونیاد نا.. چینی مرۆڤ و دێو و باڵندە و ئاژەڵ لەو بونیادنانەدا بەشدار بوون.



پەڕاوێز

١ . ڕای جیاواز هەیە کە ئاخۆ ئەو کەسە کێ بووە کە توانی لە ماوەی چاوتروکانێکدا ئەو کۆشکە لە یەمەنەوە بیا بۆ فەلەستین، زۆربەی زۆری موفەسیرەکان دەفەرموون: ئاسەفی کوڕی بەرخیا بووە.. هەندێک دەڵێن: فریشتەیەکی خوای گەورە بووە.. هەندێکیش دەڵێن: دێوێک بووە.. بەڵام زانای مەزن موحەممەدی کوڕی المنکدر کە یەکێکە لە فەرموودەناسە مەزنەکان دەفەرمووێ: ئەو کەسە خودی حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) بووە.. چونکە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿قالَ الَّذِي عِنْدَهُ عِلْمٌ مِنَ الْكِتابِ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَنْ يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ﴾ النمل: ٤٠ واتە: ئەو کەسەی کە نهێنییەکانی تەوراتی دەزانی وتی: من دەتوانم پێش ئەوەی چاو بتروکێنی بیهێنم. جا ئەو کەسە کە زانستی نهێنییەکانی تەوراتی لابووە خودی حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) بووە، وەڵامی ئەو دێوەیشی داوەتەوە کە وتوویەتی: پێش ئەوەی لە جێگای خۆت هەڵسیت من بۆت دەهێنم.. وەک ئەوە وایە حەزرەتی سولەیمان(سڵاوی خوای لێبێت) فەرمووبێتی: جا ئەوە چییە؟ من پێش چاوتروکانێک دەتوانم بیهێنم!..

دواتر سوپاسی خوای گەورەشی کردووە و فەرموویەتی: ﴿هذا مِنْ فَضْلِ رَبِّي لِيَبْلُوَنِي أَأَشْكُرُ أَمْ أَكْفُرُ وَ مَنْ شَكَرَ فَإِنَّما يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ وَ مَنْ كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّي غَنِيٌّ كَرِيمٌ﴾ النمل: ٤٠ واتە: ئەمە فەزڵ و بەخششەکانی پەروەردگارمە بۆ ئەوەی تاقیم بکاتەوە.. کە: ئایا سوپاسگوزار دەبم یان ناشکور و بەدنمەک، جا ئەوەی سوپاسگوزار بێت ئەوە بەڕاستی سوپاسگوزارە بۆ خۆی، ئەوەش کە سپڵەیە، ئەوە بێگومان پەروەردگارم دەوڵەمەند و بێ نیازە و خاوەنی بەخششە بە هەمووان. وەرگێڕ.

چیرۆکی پێغەمبەران

8

قورئانی پیرۆز، ئەو کتێبەی کە خوای گەورە ناردوویەتی بۆ پێغەمبەری ئیسلام(صلی الله علیه وسلم)، گرنگترین و ڕاستترین سەرچاوەی ژیان و بەسەرهاتی پێغەمبەرانە.. چونکە قورئان لە لایەن خوای گەورە و میهرەبانەوە دابەزیوە بۆ سەر پێغەمبەری ئیسلام(صلی الله علیه وسلم)..

بۆیە دەبێ ئێمەش قورئان بخوێنینەوە و لێی ڕامێنین و سوود لەو چیرۆکانە وەربگرین، بۆ ئەوەی ئیلهامی لێ وەربگرین و ڕێگای پڕشنگداری پێ بدۆزینەوە..

ئەو ڕێگایەی کە بەرەو ئاشتی و ئەوین و خۆشەویستیمان دەبات.. بەرەو ئەو بیروباوەڕەمان دەبات کە هەموو پێغەمبەرانی بۆ نێردراوە..

ئەم کۆمەڵە چیرۆکە لە قورئانی پیرۆز و تەفسیرە بەناوبانگەکانی قورئان وەرگیراون.. بۆ ئەوەی گرنگی بە بیروباوەڕی منداڵانمان بدەین..

ناوەندی ڕێنوێن
07701932749 - 07501269689
hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com
سلێمانی • بازاڕی ئاوباریک • نهۆمی یەکەم
بەرامبەر کاسۆمۆڵ • دوکانی ژمارە (٣٦)

9 789922 626659

All Rights Reserved
© Al-Buragh for Children`s Culture
www.alburagh.com Email: info@alburagh.com